حزب و کۆنگرە و دیموکراسی

کۆنگرەی 13ی پارتی و ئایندەی ژیانی سیاسی لە کوردستاندا

ئامانج مەحمود
mahmudamanj77@yahoo.com

کۆنگرەی حزبێکی سیاسیی گەورەی وەک پارتی دیموکراتی کوردستان، رووداوێکە پەیوەندی بە ژیانی سیاسیی تێکڕای کۆمەڵگەوە هەیە

کۆنگرەی وای دابنێین کۆمەڵگەی تێمە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیە یان هەنگاو بەرە و دیموکراتی هەڵدەگرێت، ئەوا گێڕدانی کۆنگرەی حزبێکی سیاسیی گەورەی وەک (پارتی)، رووداوێکە پەیوەندی بە ژیانی سیاسیی تێکڕای کۆمەڵگەوە هەیە، ڕاستە ئەوانەی بەشداری لەو کۆنگرەیە دەکەن، نوێنەرایەتی هەموو هاوڵاتیان ناکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی پارتی ژمارەیەکی گەورەیە لە هاوکێشە سیاسییەکەدا و هەموو ئومێدی ئەوەیە هەڵبژاردن بیانوە و بە بەرنامەی ئەو حکومرانی وڵات بەڕێوە بچێت، ئەوا پێمان خۆش بێت یان نا، کۆنگرەی پارتی و بەرنامەی ئایندەیی بۆ بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی، کاریگەری ڕاستەوخۆ و لاوەکی لەسەر ژیانی هەرتاکێک نارامستەوخۆی لەسەر ژیانی هەرتاکێک دەبێت، بۆیە لەم دیدەوە و بەحوکمی ئەوەی تێستا پارتی دیموکراتی کوردستان بەپێی ئاکامەکانی دوو هەڵبژاردن لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا، وەک حزبی ژمارە یەک لە کوردستان دەرکەوتووە و حزبی دووەمیش (کەپێشان یەکێتی بوو) بەڕێژەیەکی بەرچاو دەنگ و کورسییەکانی لەدوای پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، ئەوا دیسان ئەم واقیعە پێمان دەڵێت ئامانجی ئەوەڵ و ئەخیری ئەم کۆنگرەیەی پارتی بۆ خۆ ئامادەکردنەوەی پارتییە بۆ ئەوەی نەک هەر لە خولی داهاتووی هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا حزبی ژمارە یەک بێت، بەڵکو دەبووێت زۆرینەی دەنگی خەڵکی کوردستان کۆبکاتەوە و زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانیش بەر لە بەکۆبێت. کەواتە ئامانجی پارتی لەم کۆنگرەیەدا ئەوەیە کە بەرێگەی بەدەست هێنانی دەنگی زۆرینە، نوێنەرایەتی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بکات، هەر بۆیە ئەمە لەگەڵ کۆنگرەی حزبێکی دیکە جیاوازە کە ناتوانێت یان چاوەڕێی ئەوەی لێناکرێت لە هەڵبژاردنەکاندا زۆرینە بەدەست بهێنێت، ئەم حزبانە گەر بەمانای وشەش حزبی بچووک بەبن، ئەوا دەبنە حزبی ڕاگرتنی هاوسەنگی لە پرۆسەی حکومرانی، واتە لە پەرلەمان و حکومەتدا، ڕاستە لە حزبانەش کاریگەرییان لە پرۆسەی حکومرانیدا هەیە، بەڵام دەبێ تەواو کاری ئەو بەرنامەیەی کە حزبی ژمارە یەک یان حزبی زۆرینە دایدەڕێژێت.

هەموو ئەم ڕاستییانە ڕوویەڕووی ئەوەمان دەکەنەوە، هەڵوەستە لەسەر بەرنامەی پێشنیارکراوی پارتی بۆ کۆنگرەی داهاتوو بکەین و کەم و زۆر بایەخی پێبدەین، لەبەر ئەوەی ئەو بەرنامەیەی پارتی لە کۆنگرە پەسەندی دەکات، سەبەی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا هەمان بەرنامە (بە هەندێک گۆڕانکاری کەمەوە) دەبێتەوە بەرنامەی هەڵبژاردنی پارتی و خۆ ئەگەر پارتی هەڵبژاردنەکە بباتەوە یان وەک تێستا هەر بەحزبی ژمارە یەک بمێنێتەوە، بە ڕێگەی هاوپەیمانی لەگەڵ حزبەکانی دیکە (بۆ نموونە کەیتێکی) دووبارە حکومەت پێکدەهێنێتەوە، وەک تێستاش باری لاسەنگی یەکێتی هەست پێدەکەین، بۆ یەکێتی بۆ ڕاستکردنەوەی لاسەنگی خۆی لەڕێز سێیەری پارتیدا، هێندەی بایخ بە هاوسەنگی بەشداری خۆی لە پۆستە حکومییەکان دەدات، هێندە بایخ بە هاویەشی بەرنامەی حکومەت نادات، ئەمەش وادەکات بەرنامەی کاریگەر لە حکومەتدا هەر بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان بێت، هەر بۆیە دی، ئەوا لێرەوە گرنگە خەڵکی دەرەوەی پارتیش قسە لەسەر بەرنامەی داهاتووی پارتی هەبێت و ئەرکی پارتیشە لەدەرەوەی بیروبۆچوونی کادر و ئەندامەکانی خۆی، گوێ بۆ خەڵکی دەرەوەی حزبەکەی خۆشی بگرێت.

بەرنامەی سیاسی و ڕەفتاری دیموکراتیانە

پارتی کاریکی باشی کردووە بەرنامە پێشنیارکراوەکەی خۆی بە چەند هەفتەیەک پێش گێڕدانی کۆنگرەی حزبەکەی ڕاگەیاند، ئەمە ڕەخنەیە بۆ ئەوەی هەموو کەس ڕاشکاوانە ڕای خۆی لەسەر بنووسێت، بەڵام بێدەنگی سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیران و تەنانەت کادر و ئەندامانی پارتیش لەسەر ئەم بەرنامەیە، ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە پارتی خۆی نەیەوێت موناقەشەیەکی جدی لەسەر ئەم بەرنامەیە بکرێت، برادەرێک پێی گووتم ئەگەر پارتی مەبەستی بوایە کادر و ئەندامانی خۆیشی بە پێشنیار و ڕەخنە ئەم بەرنامەیە دەوڵەمەند بکەن، ئەوا لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی خۆیەوە چەندین ئەوەی جۆراو جۆرو چەندین مێژگەر و کۆری بۆ گێژەدرا، ئەمە ڕەخنەیەکە ڕاستەوخۆ لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی پارتی دەگیرێت، پێدەچێت گشتاندێکی ناوەندی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پارتی نێردرابێت بۆ ئەوەی موناقەشەی جدی لەسەر ئەم بەرنامەیە بێت، ئەم تێڕوانینە پێمان دەڵێت بەرنامەکە چەند لایەنی باش و ئومێدی نیشتمانی و نەتەوەیی لەخۆی بگرێت، بەڵام پێویستە ڕاشکاوانە خەڵک بشداری لە ڕاشتنی بەرنامەی سیاسیی حزبەکەی بکات و ئەندام و کادرانی پارتیش فێرین ڕاستەوخۆ بێنە ناو مەسەلەکە و ڕای خۆیان بەتاشکرا دەربڕن، ئەوا بەرنامەکە چەند دەوڵەمەند و ڕێکوپێک لەگەڵ ئەو قسانە یەکناگرێتەوە کە پێشتر سکرتێر و ئەندامانی پارتی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان ئامادەیان پێکدەردوە، هەروەها ئەم ئەگەرانیە لەوانەیە لە داهاتوو بەسەر پرۆسەی بڕیار دروستکردن لەناو پارتیش ڕەنگبداتەوە و پارتی پەاوڕێزی بەشداریکردن لە دروستکردنی بڕیار بە بیانووی بێدەنگی بکاتەوە، لەکاتێکدا پێش بڵاوکردنەوەی ئەم بەرنامەیە، ئومێدی ئەوە هەبوو پارتی لە دوای کۆنگرە پارتی بەرووی خەڵکدا بکرێتەوە و بە لەبەرچاوگرتنی کەموکرتی و نەهامەتییەکانی خەڵک، بازنەی بڕیاردانی خۆی فراوان بکات و خەڵک لە پرۆسەی بڕیاردانی خۆی وەک سەرەتایەک بۆ بەشداربیکردنی خەڵک لە دەسەڵات و حکومرانی پیادە بکات، ئەم ئامانەتیە کە لە تێستا لەجۆری هەڵسوکەوتی پارتی لەگەڵ بەرنامەی داهاتووی خۆی دەبخوێنینەوە، لەبەر ئەوەی بەرنامەکە ئەگەر تا ئەو پەری ڕیکوپێکیش بێت، مانای ئەوە نیە ئەو حزبە دەتوانێت ئەو بەرنامەیە وەک لەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بێت، هەر بۆیە گرنگە کە دەڵێین حزبە سیاسی بە بەشداری ئەم کۆنگرەیە جۆرە کرانەوەیەک لە حزبەکەیدا پەیدادەکات و پەاوڕێزێک دروست دەکات، بۆ ئەوەی خەڵک بتوانێت هاوکاری لەگەڵ حزبەدا بکات، ئەمە بۆ ئایندەی پارتیش جۆرێک نیگەرانی لێدەخوێنرێتەوە و لەگەڵ ئەو قسانە یەکناگرێتەوە کە پێشتر سکرتێر و ئەندامانی پارتی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان ئامادەیان پێکردووە، هەروەها ئەم نیگەرانیە لەوانەیە لە داهاتوو بەسەر پرۆسەی بڕیار دروستکردن لەناو پارتیش ڕەنگبداتەوە و پارتی پەاوڕێزی بەشداریکردن لە دروستکردنی بڕیار بە بیانووی بێدەنگی بکاتەوە، لەکاتێکدا پێش بڵاوکردنەوەی ئەم بەرنامەیە، ئومێدی ئەوە هەبوو پارتی لە دوای کۆنگرە پارتی بەرووی خەڵکدا بکرێتەوە و بە لەبەرچاوگرتنی کەموکرتی و نەهامەتییەکانی خەڵک، بازنەی بڕیاردانی خۆی فراوان بکات و خەڵک لە پرۆسەی بڕیاردانی خۆی وەک سەرەتایەک بۆ بەشداربیکردنی خەڵک لە دەسەڵات و حکومرانی پیادە بکات، ئەم ئارامستەیە کە لە تێستا لەجۆری هەڵسوکەوتی پارتی لەگەڵ بەرنامەی داهاتووی خۆی دەبخوێنینەوە، لەبەر ئەوەی بەرنامەکە ئەگەر تا ئەو پەری ڕیکوپێکیش بێت، مانای ئەوە نیە ئەو حزبە دەتوانێت ئەو بەرنامەیە وەک بەرنامەی سیاسیی داهاتووی پارتی چوارچێوەی حزبەکەی خۆی دەبەزێنێت و چوارچێوەیەکی گشتگیرتر وەردەگرێت و بێچگە لە ئەندامەکانی خۆی، ڕووی خەڵکی کوردستانیش دەگرێتەوە، کەواتە سەبەینی پارتی بەرێگەی سندوقی دەنگدان نیازی ئەوەیێت موخاتەبەی هەموو خەڵکی کوردستان بکات، چاوی لەوە بێت زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەنگی پێیدەن، ئەمەش ئەگەرێکی چاوەڕانکراو بێت و ئەگەری ئەوەش نزیک بێت پارتی ئەو نیازەی بیانوە بە بەرنامەی سیاسیی داهاتووی پارتی چوارچێوەی حزبەکەی خۆی دەبەزێنێت و چوارچێوەیەکی گشتگیرتر وەردەگرێت و بێچگە لە ئەندامەکانی خۆی، ڕووی خەڵکی کوردستانیش دەگرێتەوە، کەواتە سەبەینی پارتی بەرێگەی سندوقی دەنگدان نیازی ئەوەیێت موخاتەبەی هەموو خەڵکی کوردستان بکات، چاوی لەوە بێت زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەنگی پێیدەن، ئەمەش ئەگەرێکی چاوەڕانکراو بێت و ئەگەری ئەوەش نزیک بێت پارتی ئەو نیازەی

کۆنگرەی 13ی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانەی کە ساڵی داهاتوو ئەنجام دەدرێن، ئەوا ئەو پارتیە بە سەرکردایەتی بارزانی دەبێتە یەکەم حزب لە کوردستاندا

بەڵام ئەوەی کە ئەوە ئەنجام بدرێت یان نا، پەیوەندی بە چەند فاکتەرێکی دیکەوە هەیە، کە ئەوەی کە کۆمەڵگەی کوردستان ئامادەیە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە یان نا، ئەوەی کە ئایا ئەو ڕۆڵی کە کۆمەڵگەی کوردستان بینی لە پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئەنجامدانی ئەو کارە، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئایا ئەو حزبە بە هۆکاری ئەوەی کە

ئەندازیار بروسکە ئیبراهیم:

دەوڵەتی کوردی خەون نییە، من ئەوە بە خەون دەزانم کە دەوڵەتێکی دیموکراتی لە ئێراقدا دروست بێت

بروسکە ئیبراهیم لە ٣٠/٨/١٩٤٢ لە سلێمانی لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٦٢ جووتە نەمسا بۆ تەواوکردنی خوێندنی ئەندازیاری، دواتر چووە بۆ ئەڵمانیا بۆ درێژەدان بەخوێندن (ئەندازیاری مەدەنی) لەو وڵاتەدا تەواوکردوە، لە ساڵی ١٩٦٥ لەگەڵ جەمال ئەبەز و لەتیف محەمەد ڕێکخراوە خوێندکارانی ئەنەوەیان دروستکردوە، کە لەو کاتەدا ڕۆژنامەیەکیان بەناوی دەنگوباسی کوردستانی لە ئەڵمانیا دەڕکردوە، بەکێک بووە لە دەستێی دامەزرێنەری کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٥ لە ئەوروپا، نێستا بەڕێرسیاری کاروباری دەرەوەی کۆنگرەی ناوبراوە.

بەهەمەن عومەر- هەولێر

بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ بروسکە ئیبراهیم لە ڕۆژی ٢٩/١١/٢٠١٠ لە هۆڵی ئەنەوەیان لە هەولێر ڕاگەیەنرا کە ئەو بەرنامەیە بەناوی (ئەوە ئێراقە کە دەمەوێ) لە کەناڵی ئێراق ئەمایەوە، لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە ئاراوا بوو، لەو ڕۆژەدا ئەگەر کورد داوای سەربەخۆیی دووەم لە پاش ڕوخانی حکومەتی ئێراق دیکە کورد خۆی بە ئێراقەوە لکاندوە، لە کاتێکدا ئێراق ئەمایەوە، زەمینەیەکی لەبار بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە ئاراوا بوو، لەو ڕۆژەدا ئەگەر کورد داوای سەربەخۆیی بکردایە هەموو ئەوروپا بارمەتی دەدا، ئەوان ئێستا دەڵێن ئێوە خۆتان دەوڵەتی کوردیتان ناوێت، خۆتان هەڵناقۆزنەوە.

میدیا: بەڵام سیاسیە کوردەکان دەڵێن لەسەر ئاستی ئێودەوڵەتی زەمینەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردیی لە ئاراوا نەبوو، بۆیە داوای دەوڵەتی کوردییان نەدەکرد، تۆش دەڵێی زەمینە هەبووە، کەواتە پێتوایە سەرکردەکانی کوردستان توانا خوێندنەوەی واقیعی سیاسی ئێودەوڵەتیان نەبووە؟

بروسکە ئیبراهیم: بە بڕوای من چەند خاڵێک هەیە کە زۆر گرنگە ئامادەی پێ بکەین بکەم ئەوەیە کە لە مێژووا بابوونە کورد بەاوەری بەخۆی نەبووە و نیە، خۆی بەرانبەر بە گەلانی دیکە بەکەم زانیبووە، خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە ئەو حزبانە شتەکەیان هاتبووە بەردەم خۆیان هیچیان نەکردوە، بۆ نموونە لەساڵی ١٩٩١ خەڵکی باشووری کوردستان ڕاپەڕی خۆ ئەوان نەیان کرد؟ بگەل گەل بوو ڕاپەڕی، ئەوانە کەسیان لە کوردستاندا نەبوو کە هاتنەوە بەراستی تێکیاندا. خۆتان ئاگاتان لێیە خەڵک چووە کەرکوک، کەرکوک ڕزگار کرا، ئەگەر حزبەکان نەبوایە باشتر دەبوو، چونکە کە هاتنەوە دیسان دەستیان کرد بە ململانێ بۆ ڕاکێشانی پۆست و پلە و پایە دیسانەوە چونەوە بەغدا بۆ گفتوگۆ لە گەڵ بەغدا ئەوەش هەڵەکەی لەدەست کوردا بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی، ئێستاش هەروایە ڕۆژەیەان لە سیاسەتی دونیا ناگەن وادەزانن دونیا هەر ئەم هەرێمە بچوکەیە وادەزانن کە پاشە ڕۆژی کوردستان تەنیا بە ئەم وڵاتانەی دەورو بەرەوە

> تا ئێستا ئەمبیستووە گۆڕان پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان بکات

بکردایە هەموو ئەوروپا بارمەتی دەدا، ئەوان ئێستا دەڵێن ئێوە خۆتان دەوڵەتی کوردیتان ناوێت، خۆتان هەڵناقۆزنەوە.

میدیا: بەڵام سیاسیە کوردەکان دەڵێن لەسەر ئاستی ئێودەوڵەتی زەمینەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردیی لە ئاراوا نەبوو، بۆیە داوای دەوڵەتی کوردییان نەدەکرد، تۆش دەڵێی زەمینە هەبووە، کەواتە پێتوایە سەرکردەکانی کوردستان توانا خوێندنەوەی واقیعی سیاسی ئێودەوڵەتیان نەبووە؟

بروسکە ئیبراهیم: بە بڕوای من چەند خاڵێک هەیە کە زۆر گرنگە ئامادەی پێ بکەین بکەم ئەوەیە کە لە مێژووا بابوونە کورد بەاوەری بەخۆی نەبووە و نیە، خۆی بەرانبەر بە گەلانی دیکە بەکەم زانیبووە، خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە ئەو حزبانە شتەکەیان هاتبووە بەردەم خۆیان هیچیان نەکردوە، بۆ نموونە لەساڵی ١٩٩١ خەڵکی باشووری کوردستان ڕاپەڕی خۆ ئەوان نەیان کرد؟ بگەل گەل بوو ڕاپەڕی، ئەوانە کەسیان لە کوردستاندا نەبوو کە هاتنەوە بەراستی تێکیاندا. خۆتان ئاگاتان لێیە خەڵک چووە کەرکوک، کەرکوک ڕزگار کرا، ئەگەر حزبەکان نەبوایە باشتر دەبوو، چونکە کە هاتنەوە دیسان دەستیان کرد بە ململانێ بۆ ڕاکێشانی پۆست و پلە و پایە دیسانەوە چونەوە بەغدا بۆ گفتوگۆ لە گەڵ بەغدا ئەوەش هەڵەکەی لەدەست کوردا بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی، ئێستاش هەروایە ڕۆژەیەان لە سیاسەتی دونیا ناگەن وادەزانن دونیا هەر ئەم هەرێمە بچوکەیە وادەزانن کە پاشە ڕۆژی کوردستان تەنیا بە ئەم وڵاتانەی دەورو بەرەوە کراوە، بەڵام تا ئێستا حکومەت دروست نەبووە، چونکە تا سوننە و نە شیعە یەک نیین کوردیش ئێستا دەیڵێن لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی دونیادا قسە بکەن، بڵێت ئێراق ناتوانێت بەوشێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت، بۆیە من دەمەوێت جودا بمەوە، سەرۆککانی کورد کە دەچن بۆلای سەرۆکی ئەمریکا باسی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی ناکەن باسی یەکێتی خاکی ئێراق دەکەن، ئەوان دەتوانن لە کۆبوونەوە دوو قۆلیەکاندا باسی دەوڵەتی کوردی بکەن باس لەوە بکەن کە ئێراق بەم شێوەیەی ئێستا تاماەتیە بەردەوام لە کێشەدا دەبێت، بۆیە پێویستە بکرێت بە چەند بەشێکەوە بۆ ئەوەی هەر کەسو بۆخۆی بڕی بەڵام ئەوان بەردەوام لە ڕاگەیاندنەکاندا باس لە یەکێتی خاکی ئێراقدەکەن و دەڵێن ئێمە گرنتی مانەوەی یەکپارچەیی خاکی ئێراقین.

میدیا: بەڵام ئەو سەرکردانەمان بەردەوام باس لەوە دەکەن کە بەدرێژایی تەمەنیان خەباتیان بۆ سەربەخۆی کوردستان مافی چارەی خۆنوسین کردوە؟

بروسکە ئیبراهیم: من بەاوەڕ بەو قسانە ناکەم پێم وانییە ئەوان خەباتیان بۆ دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان کردبێت، بۆ نموونە قسەکانی مام جەلال کە لەم ڕۆژانەدا کردنی دیسارە کە دەڵێت دەوڵەتی کوردیی خەونە، مام جەلال دروست کردنی دەوڵەتێکی دیموکراتیی پێشکەوتوو کە سەرجەم مافەکانی مرۆڤ فەراهەم بکات لە ناو وڵاتێکی وەک ئێراقدا بەخەون نازانێت، بەڵام دروست کردنی دەوڵەتی کوردی بە خەون دەزانێت! لە ڕاستیدا من ئەوە بەخەون دەزانم کە دەوڵەتێکی دیموکراتی لە ئێراق دروست بێت، چونکە ئەو عەربەنانە سوونی بێت یان شیعە یاتوان و ئامادەیی ئەوەیان تێدا نییە کە دەوڵەتێکی دیموکراتی دروست بکەن ئەو مێژەنەی تا ئێستا نوێنەرایەتی سوننەو شیعەی ئێراق دەکەن هیچیان ئەو مێژانەنیین بتوانیت دڵیان پێ خۆش بکەیت کە تایبەندی ئێراق بەرەوە دیموکراتی دەبەن.

میدیا: بۆیە کێک لە مێژانەی کە لەم فەلبژاردنەدا زۆر گەشەی کرد بەعس بوو کە خۆی لە چارچێوەی لیستی ئێراقییەدا بینیەوە، ئەوە تایەندە نومێدی دەستکەوتی نەتەوەیی بۆ کورد لە ئێراقدا کەمتر دەکاتەوە؟

بروسکە ئیبراهیم: ئەگەر تەماشا بکەین ئەوەی کوردی ئەنفال کرد کێ بوو جینۆسایدی بەرانبەر بەکورد ئەنجامدا بیتگومان بەعسییەکان بوون، هەروەها کەسێکی وەک عەلاوی کەسێکی کۆنە بەعسی یە کە لە سەدام جیا بووەتەوە لەسەر ئەوە نەبوو کە عەلاوی داوای دیموکراتی کردبێت بۆ ئێراق و سەدام دژی دیموکراتی بێت یان لەسەر ئەوە نەبووە کە عەلاوی دژی ئەو هەموو تاوانە بووبێت کە سەدام دەیکردو لە ڕووەوە کێشەی لەگەڵ سەدامدا هەبووبێت، بەڵکو کێشەیان لەسەر پلەو پایە بوو لەگەڵ سەدام، بۆیە ئەمانە بە هیچ جۆرێک نابێت باوەڕیان پێ بکرێت بەڵام بەداخەوە کورد زۆر خۆش باوەڕە، عەربەکان دێنە هەولێر و دو بڕیارەدەدن و دوای دەڵێن ئەوا ئێتر بریاری ئەوە دراوە، ڕۆژ بەڵامەوە سبەینە کە کورد بۆخۆی حکومەتێک لە بەغدا دروست دەکات و لوایی دەچێت داوای مافی خۆیی لێ دەکات! ئێستا حکومەتی بەغدا ئەماوەو لەناو چووە دەبێت ئێمە هەرگیز کار بۆ ئەوە نەکەین کە ئەوان ڕێکبخەینەوە ئەوە ئیشی ئێمە نییە، بەڵام بەداخەوە سیاسییەکانی ئێمە لەبەر بەرژەوەندی خۆیان لەبەر بەدەست هێنانی پۆست لە بەغدا ئەوەیان لەبیر کردوە کە دەبێت کاری ئەوان هەوڵدان بێت بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی نەک بەهێزکردنی حکومەتی ئێراقی.

میدیا: بەڵام ئایە ئەگەر بزانن دەتوانن حکومەتی سەربەخۆی کوردی دروست بکەن ئەیان دەکرد؟ ئەگەر وەک بەرژەوەندی کەسیش سەیری بکەین ئایا کەسێک سەرۆکی وڵاتێکی سەربەخۆ بێت باشە یان سەرۆکی هەرێمێکی فیدراڵ؟

بروسکە ئیبراهیم: بە بڕوای من دوو خاڵی گرنگ لێزدا هەیە، یەکەم ئەوەی کە وەک سەرەتاوە گوتم باوەڕیان بەخوێان نییە، خاڵی دیکەش ئەوەیە کە هێژەکانی کوردستان بەگفتوو نین، بۆ نموونە ئەگەر سەرکردەیەک لێزە بڵێت من سەربەخۆیی کوردستانم دەوێت، لەوانیە یەکێکی دیکە لەوەلا بڵێت من سەربەخۆیم ناوێت، بۆیە ئەوە بە لایەک ناکرێت ئەگەر حزب و ڕێکخراوە کوردییەکان بەکبوونایە ئەوە ئاساتتر دەبووە، بۆیە ئێمە وەک کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان دەڵێین وەرن با ئێمە هەموومان دانیشین لەسەر مێزێک تا باسی سەربەخۆیی کوردستان بکەین، ئێمە هەموومان دەزانین ڕێگاکە زەحمەتە، بەڵام کە زەحمەتە بە کەسێک و چەند کەسێک ناکرێت، کەواتە بە هەموومان دەکرێت پێکەوە هێزی هەموو زیاتر دەبێت لە هێزی تاکە لایەنێک، ئەوە ٢٠ ساڵە هەرێمی کوردستان هەیە لە ٢٠٠٣ بەئەوەی سەربەخۆیە، بەڵام تا ئێستا هێزەکانی سلێمانی و هەولێر بەکن بێگومان نەخێر، ئەگەر ئێمە نەتوانین دوو شار بەکبخەین ئەی چۆن باسی سەربەخۆیی کوردستان بکەین بۆیە کەس باوەڕمان پێ ناکات، بۆیە ئەگەر هێزێکی کوردی بە تەنیا بڵێت من حکومەتی کوردیم دەوێت دەڵێن ئەوە ڕای هەموو کورد نییە، بەڵام کە هەموو پێکەوە بوون ئەوکات هێزێکی گەورەی دەبێت.

میدیا: بەڵام ڕایەک لە باشووری کوردستان هەیە دەڵێت ئێمە ئێستا باس لە دەوڵەتی کوردی بکەین ئەوەش کە هەمانە لە دەستی دەدەین؟

بروسکە ئیبراهیم: جا چیمان هەیە لە کیسمان بچێت؟ ئەو هەرێمەی کە هەمانە کێ دەڵێت باوەی کە لە چارچێوەی ئێراقدا بمێنینەوە مسۆگەر دەبێت؟ کێ گەرەنتی ئەوە دەکات کە ئەگەر ئێراق بەهێزبوو جارێکی دیکە وەک زەمانی سەدام هێزش ناکاتەوە سەرمان؟ بۆیە ئەگەر ڕۆژێک بێت حکومەتی ئێراق بەهێز بێت و بەسەر گرفتەکانی ناخۆیدا ڕاڵبێت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانی بەهێز بکات و چەکی و ئقافی باشی هەبێت من لەو باوەڕەدام هەرێمی کوردستان نامێنێتەوە ئەم هەرێمی کوردستانەی کە ئێستا ماوە لە کزی بەغدایە ماوە لەبەر ئەوەی کە جارێی ئەوێ هیچ نیە باحکومەتێکی بەهێز لە بەغدا دروست ببێت، ئەوە ئەمەشمان لە کیس دەچێت، بەڵام ئەگەر ئێمە دەوڵەتێکی کوردیمان هەبێت پەیوەندیمان بەوەوە نابێت کە بەغدا بەهێزە یان بێ هێزە.

میدیا: ئەو شانازییەی کە ئێستا کورد دەیکات بەوەی کە بووە بەهێزی ڕێکخستنی هەموو لایەنە ئێراقییەکان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

بروسکە ئیبراهیم: من ئەوە بە هەڵە دەزانم ئیشی ئێمە ئەوەیە کە ڕێکخراو حیزبە کوردییەکان یەک خەین، نەک حیزبە ئێراقییەکان یەک بخەین، ئێمە دەبێت کار بۆ ئەوە نەکەین کە ئەوان بەهێزبێت. بۆیە هەڵەیە کە کورد شانازی بە یەکخستنی ئێراقییەکانەوە بکات.

میدیا: چەند جارێکە باس لەوە دەکرێت کە کۆنگرەی ئەنەوەیی کوردی دەبەستێریت و دواتر دوای دواەخرێت ئەوە بەکوێ گەیشت سوودی ئەو کۆنگرەیە لە چی دایە؟

بروسکە ئیبراهیم: ئەوەی کە ئێمە باسی دەکەین بەناوی کۆنگرەی ئەنەوەیی کورد و ئەوەی حزبەکان باسی دەکەن ئێستا کۆنگرەیەک هەیە بەناوی KNK ئەوە سەر بەPKK یە لەوکاتەدا شتەکە دەبێتە حزبی، ئێمە داوادەکەین کۆنگرە سەر بەخۆیێت بە هیچ لایەنێکەوە نەبەسترابێت، ئێستاش بیستومە هەوڵ دەدرێت کە هەموو لایەک پابەندبن پێیەوە بەڵام تا ئێستا نەکراوە. هەر بۆیە پێم وایە ئەم حزبانە بە جدی ئایانەوێت سەربەخۆیی کوردستان بەدی بێت، ڕاستە چەند ساڵە خەباتت دەکەین، بەڵام ئەجێندای کاری ئەوان سەربەخۆیی نەبووە.

میدیا: ماوەی ساڵێکە بزوتنەوەی گۆڕان دروست بووە وەک هێزێکی ئۆپۆزیسۆن لە ڕووی ئەنەوەییەوە ئاراستەی ئەو بزوتنەوەیە چۆن دەبینی؟

بروسکە ئیبراهیم: لە هەر سیستەمێکی دیموکراسیدا دەبێت ئۆپۆزیسۆن هەبێت، بۆیە بۆ خۆی هاتنە ئاراوەی ئۆپۆزیسۆن کارێکی ئیجابیە سەبارەت بە گۆڕانیش خاڵێکی گرنگ ئەوەیە کە ئەو شتانەی تا ئێستا باسیان دەکەن داواکارییەکانی خەڵکە، بەڵام لە پرسە ئەنەوەییەکاندا، ئەوان وەک ئاگادارم دەڵێن ئێمە وازلە کەرکوک ناهێنین و لە پرسەکانی دیکەشدا ڕایان باشە، بەڵام تا ئێستا ئەوان باسی دەوڵەتی کوردی ناکەن، بۆیە بەڵای منەوە بەکێک لەو شتانە کە باس لە دەوڵەتی کوردی بکات، قەزیەی ئەنەوەیی بەڵام منەوە ئەمە ئەوەیە کە دەوڵەتی کوردیت هەیێت، تا ئێستاش نەمبیستووە گۆڕان باسی ئەوەی کردبێت.

میدیا: لە درێژی ئەم دیمانەیەدا هەموو قسەکانت دەمێنێتەوە بۆ دەوڵەتی کوردی، بەڵام لە ئێستادا ڕایەک هەیە کە دەڵێت ئەوە چیە؟

بروسکە ئیبراهیم: ئەو پرسیارەم پێ خۆشە، چونکە ئەو پرسە لە کوردستان زۆرجار دەوروێژندرێت، من دەڵێم لە هەرگیز ڕاست نییە، بۆ نموونە ئێستا لە بڕوریا لە ٢٧ وڵات پێکهاتووە هەر لەو ماوەیە کوردبا چەندیـد حکومەتی تازە دروستکراوە ئەوەتا چیک و سلۆفاکیا ئێستا بوون بە دوو دەوڵەت هەروەها یوگسلافیا عەربەیەکەی و کروات و بۆسنە و ئەلبان و ئەو هەموو وڵاتە دروست بووە بوونی ڕوخانی بەکێتی سۆڤیەتی جاران چەندین وڵات دروست بوون، هەروەٕ ٢٢ دەوڵەتی هەیە فارس و تورک دەوڵەتیان هەیە ئایا هیچ کام لەوانە ئامادەن بڵێن دەوڵەتمان ناوێت؟ بۆیە ئەمەش نەخێر، ئەوە تەنیا کوردە ئەو قسەیە دەکات ئەو قسەیە زۆر درۆیە بەهیچ شێوەیەک وانییە هەموو دونیا پارێزگاری لە دەوڵەتی خۆی دەکات، چونکە ئەگەر گەل دەوڵەتی نەبوو هیچ قیمەتی نابێت.

> تا ئێستا هێژەکانی سلێمانی و هەولێر یەکەنخراون، ئەگەر ئێمە نەتوانین دوو شار بەکبخەین ئەی چۆن باسی سەربەخۆیی کوردستان بکەین

> سەرکردەیەک دەڵێت من لە بەغدا دروست ببێت، ئەوە ئەمەشمان لە کیس دەچێت، بەڵام ئەگەر ئێمە دەوڵەتێکی کوردیمان هەبێت پەیوەندیمان بەوەوە نابێت کە بەغدا بەهێزە یان بێ هێزە.

> ئەو شانازییەی کە ئێستا کورد دەیکات بەوەی کە بووە بەهێزی ڕێکخستنی هەموو لایەنە ئێراقییەکان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

> من ئەوە بە هەڵە دەزانم ئیشی ئێمە ئەوەیە کە ڕێکخراو حیزبە کوردییەکان یەک خەین، نەک حیزبە ئێراقییەکان یەک بخەین، ئێمە دەبێت کار بۆ ئەوە نەکەین کە ئەوان بەهێزبێت. بۆیە هەڵەیە کە کورد شانازی بە یەکخستنی ئێراقییەکانەوە بکات.

> ئەوە ئەمەشمان لە کیس دەچێت، بەڵام ئەگەر ئێمە دەوڵەتێکی کوردیمان هەبێت پەیوەندیمان بەوەوە نابێت کە بەغدا بەهێزە یان بێ هێزە.

> ئەو شانازییەی کە ئێستا کورد دەیکات بەوەی کە بووە بەهێزی ڕێکخستنی هەموو لایەنە ئێراقییەکان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

> من ئەوە بە هەڵە دەزانم ئیشی ئێمە ئەوەیە کە ڕێکخراو حیزبە کوردییەکان یەک خەین، نەک حیزبە ئێراقییەکان یەک بخەین، ئێمە دەبێت کار بۆ ئەوە نەکەین کە ئەوان بەهێزبێت. بۆیە هەڵەیە کە کورد شانازی بە یەکخستنی ئێراقییەکانەوە بکات.

> ئەوە ئەمەشمان لە کیس دەچێت، بەڵام ئەگەر ئێمە دەوڵەتێکی کوردیمان هەبێت پەیوەندیمان بەوەوە نابێت کە بەغدا بەهێزە یان بێ هێزە.

> ئەو شانازییەی کە ئێستا کورد دەیکات بەوەی کە بووە بەهێزی ڕێکخستنی هەموو لایەنە ئێراقییەکان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

> من ئەوە بە هەڵە دەزانم ئیشی ئێمە ئەوەیە کە ڕێکخراو حیزبە کوردییەکان یەک خەین، نەک حیزبە ئێراقییەکان یەک بخەین، ئێمە دەبێت کار بۆ ئەوە نەکەین کە ئەوان بەهێزبێت. بۆیە هەڵەیە کە کورد شانازی بە یەکخستنی ئێراقییەکانەوە بکات.

سەرۆکەکانی کورد کاتێ دەچنە لای سەرۆکی ئەمریکا لەبری سەربەخۆیی کوردستان باس لە یەکێتی خاکی ئێراق دەکەن

لای من هەڵوێستی ئەتەوەیی هەر لایەنێک بەستراوە بەوەی کە تا چەندە خەباتە بۆ دەوڵەتی کوردی دەکات